6

# سوودەکانی مێژوو

1. لە رووی برادەرایەتییەوە تەئریخ سودو قازانجێکی بێ شوماری هەیە بۆ جوغرافیای رەفیقی. ئەویش بە دوو نەوع. نەوعێکیان ئەوەیە تەلەبە ئەگەر لە جوغرافیای سەگبابا سیو چوار زیاتری نەهێنا، ئەتوانێ بە قۆپییەکی ئاسایی لە تەئریخا حەفتا دەرەجە مسۆگەر بکاتو سفرەکەی جوغرافیای پێ پڕ بکاتەوانێو منەتی عالەمەکەش بە هینی. ئەمە نەوعێکیان. نەوعەکەی تریش ئەوەیە کە هەموو جارێك جوغرافیای سەلکەزۆڵ دەسە چەورەکەی خۆی بە سەری مێژوودا بسرێ مەخصوصەن لەو مەملەکەتەی کە هەر چواردەوری دراوسێی موحتەرەمە.

2. ئیستیفادەیەکی تری تەئریخ - کە کەریش ئەیزانێت - بۆ مامۆستای تەئریخە. طە بعەن هەموویان نا بەلکو ئەوانەی کە هەموو رۆژێك ناخونەکێك لە مەنهەجەکە ئەدەنو لە جەریدەو موجەلەکانا بڵاوی ئەکەنەوەو کاتێك بە خۆیان ئەزانن لە عانی ئینتیخاباتی پەڕلەمانا، لیستەکان شەڕیانە لەسەریان. کەواتە ئافەرین تەئریخو ئافەرین کتێبی مەنهەج.

3. لە رووی میکرۆفۆنیشەوە تەئریخ ئەوپەڕی ئیستیفادەی بۆ وتاربێژو خەطیبە کان هەیە. جا ئەو خەطیبە خەطیبی دینی بێت یان هی سیاسی کەیفی خۆیەتیو هیچ موهیم نیە. موهیم ئەوەیە هەقایەتەکانی ناو تەئریخ بێنێت، نەختێك بیانتەکێنێو بەدەم هەڕەشەو پەنجە راوەشاندنەوە تەقدیمی بینەرانو ئامادەبووانی بەڕێزی بکات.

4. لە موختەبەری بانقی مەرکەزییا بە تەجروبە دەرکەوتووە هیچ شتێك بەقەدەر گۆزە خێری لە تەئریخ نەبینیوەو پێویست ناکات تولو تەفسیلی بەینێ. گۆزە هەتا کۆنتر بێ قیمەتی زیاترە. ئەمەش یەعنی چی. یەعنی گۆزەش عەینەن خیطاب وایە کە زۆر کۆن بوو ئەلێن تەئریخییە.

5. لێکۆلینەوەکانی سەنتەری ئەششەوبیللا پێیان وایە حوکمەتیش ئەتوانێ بە ئارەزووی خۆیو برادەران ئیستیغلالی تەئریخ گیان بکات بەوەی هەر قەرارو وەعدێکی کۆنیان دایەوە بە چاویا، یەکسەر بلێ کاکە گیان ئەوە ئێکسپایەرەو تەئریخەکەی بەسەر چووە.

6. لە بواری تەلەفزیۆنو مەلەفزیۆنیشا تەئریخ باشترین دەروو لە موحەلیلە شارەزاکان ئەکاتەوە. ئەها ئەتاندییون کە دوای ئحمێك دەستێك ئەبەن بۆ بۆینباخەکەیانو ئەلێن ڕووداوەکانی ئەم دواییە شتێکی موتەوەقەع بوو چونکێکم تەئریخ بەو بەزمە فێرەو دایمەی خوا خۆی تیکرار ئەکاتەوە.

7. خۆشترین قیسمیش بە نیسبەت جامیعەی نەرمەفوتەوە قیسمی تەئریخە لەبەر ئەوەی نە موختەبەری گەرەکەو نە سەفەرەی عیلمیو شتی وا. دوای چوار سالیش یەکەم وەجبەی ئینتاجەکەی صەدی صەد شتێکە.

8. تەئریخ ئەگەر نەنوسراو بووبێو هەر دەماودەم خەلکەکە لەمو لەوە بیستبێتیان باشترین قازانج بە ئینسانی فشەکەر ئەگەیەنێت لەو رووەوەی کە ئەنواعو ئەشکاڵ درۆی مەسلەحەتی بە دەمەوە بکات مەسەلەن ئەگەر جاران ترسنۆك بووبێت ئەلعان مێژوو بە شایەت بێنیتەوە کە چ رۆستەمێك بووە یان ئەگەر کلی لەبەر چاو هەلگرتبێ ئێستاکونێ خۆیمان لێ بکات بە ئەشرەفی شەریفی.

9. لە بواری مەوقیفی سەخیفو ئیشی فۆڕیشا پیاو لە تەئریخ چاکترو حازر بەدەستتری دەست ناکەوێ خۆی پێ مەشهور بکات بەوەی کە هەر تەئریخ ئەو ئیشە فیتقاویو ئەو مەوقیفە بێ مەعنایەی زەلامەکە لای خۆی بپارێزێت. نموونەش زۆرنو ئەگەر ئەم مەوزوعی ئینتیخاباتە لە ئارادا نەبوایە چوار پێنج دانەیەکمان نیشانی برادەران ئەدا بەس ئەڵێی چی ئاخ دیموکراسی ئاخ!!

10. رەنگبێکم هیچ کەسێك بەقەدەر ئینسانی تڕۆو میللەتی لێ کەوتوو ئیشی بە تەئریخ نەبێ. گوێ لە دەردی دلی تڕۆکراوەکان بگرەو دیقەتیش لە قەناتە شۆفێنییەکانی برا چاوڕەشەکانمان بفەرموو ئەوسا بۆت مەعلوم ئەبێت ئەمیان دەفتەری سەرووەرییەکانی جارانی خۆیت بۆ ئەلاوێنێتەوەو ئەوی تریش شیعرو شانامە بەسەر باپیرە گەورەکانیانا هەڵ ئەدەن کە چۆن شاخیان وا بووەو بالیان وا بووە.

11. ئەخیر سوودمەندیش لە خالە تەئریخ حزبی خزمەتکارتانە کە ئیشە باشەکانی جارانیو پەیوەندییە گەرمو گوڕەکانی ئەوسای زەربی هەشتا ئەکاتو لە ئیقاعێکی شانەهەڵتەکێنا ئەیداتەوە بەچاوی میللەتا. مەبەستەکەش وەنەبێ خوانەخواستە بۆ ئەوە بێت دەنگی بۆ بدەیتو ئەمانە. نەخێر شتەکە هەر بۆ مەعلوماتەو هیچی تر.

